# ده هەڵەی باوی کاتی وێنەگرتن بە ئێکسپۆزەری درێژخایەن

فارس سەعدی

لەبەر ئەوەی زۆربەی فۆتۆگرافەران لەسەر ئەوە ڕاهاتوون گرتەی ئاسایی بگرن، واتە ئێکسپۆزەری ئاسایی بۆ گرتەکانی ڕۆژانەیان بەکاربێنن کە بۆ زۆربەی هەرە زۆری بابەت و چالاکییەکان دەست دەدات، بەڵام جاری وا هەیە بۆ هەندێ گرتە، فۆتۆگرافەر پێویستی بەوە هەیە ئێکسپۆزەری درێژخایەن بەکاربهێنێ، ئیتر بێ ئەوەی پێ بزانێ تووشی هەندێ هەڵە دەبێتەوە، چونکە بۆ ئەم شێوازی گرتنە، جۆری سێتینگی کامێراکە و پێداویستییەکانی کە لەگەڵ کامێراکە بەکاربێنێ لەگەڵ شێوازە ئاساییەکان جیاوازە، گرینگترینیان (١٠) هەڵەی باون:

**هەڵەی یەکەم:** ڤایبەریشن ڕیدەکشن (VR)، یان (ST) ستابلایزەری لینزی کامێرا لەسەر (ON)ی دابنێی کاتێک کامێرات لەسەر ستاند (سێ پا) چەسپ کردووە.

لەسەر زۆربەی هەرە زۆری لینزی کامێراکانی (DSLR) کامێرا تاک هاوێنە ڕیفلێکسە دیجیتاڵییەکاندا میکانیزمێک دروست کراوە، یان هەیە، وا دەکات کامێرا بەدەست دەگرێ و وێنەی پێ دەگرێ بە (Slow Shutter)، واتە نزمە خێرایی شەتەر، ئەم میکانیزمە وا دەکات (٣-٤) ستۆپ خێراییەکە وەک بڵێی بەرز بێتەوە و لەرزینی کامێرا نەهێڵێ، یان کەم بکاتەوە، بەهۆی شیفت کردنی ئەو خاڵانەی پێکسڵ لەمیانی لینزی کامێراوە، یان لە میانی سینسۆری کامێراوە، هەرچەندە لە کامێرای (Nikon) و (Canon) بە ڕێنووسی (VR) و (ST) هاتووە و لە کامێراکانی تر بە دەستەواژەی تر نووسراون، بەڵام هەمان کردار جێبەجێ دەکەن، کاتێک کامێرا لەسەر ستاند چەسپ دەکرێت،

ئەگەر ئەم میکانیزمە نەکرێتە (off)، ئەوە وێنەکە تۆزێک نێتی (Sharppnes)ی کەم دەکاتەوە، چونکە هەندێک لە خاڵەکانی (پێکسڵ)ـەکان شیفت دەکات، لەوکاتەی کامێراکە لەسەر ستاند بوو، لەرزین ڕوونادات، بۆیە کردەنییەکی نێگەتیڤانەی دەبێت، بەڵام هەر کاتێک کامێرات لەسەر ستاند چەسپ کرد، دەبێ (VR) بکرێتە (Off)، یان (an active).

**هەڵەی دووەم:** لەبیرکردنی قفڵدانی ئاوێنەی کامێرا (mirror lock-up)، کاتێک وێنە بە خێرایی بەرز، یان زۆر خێرای شەتەر دەگری، هێندە بایەخ بە بەرزبوونەوەی ئاوێنەکەی ناو کامێراکانی (DSLR) کامێرای تاک هاوێنە فلێکسی دیجیتاڵی نادەی، چونکە لەرزینی کامێرا لە دەستت ڕوونادات، بەڵام لەخێراییە نزمەکاندا، یان ئێکسپۆزەری درێژخایەندا، زۆر بە ڕوونی ئەمە هەستی پێ دەکرێ، بۆیە پێویستە دوای ئەوەی کامێراکەت لە گۆشەنیگای تەواو دانا و دارشتنی وێنەکەت کۆنترۆڵ کرد و ئێکسپۆزەر و فۆکەسینگت دیاری کردن، بەرلەوەی دوگمەی شەتەر دابگری، دەبێ کرداری (Mirror Louck-up) جێبەجێ بکەی، واتە وێنەی ناو کامێراکەت بۆ سەرەوە بەرزبکەیتەوە، ئیتر لە میانی ڤیوفایندەری کامێراوە هیچ نابینرێ، هەنگاوی دواتر شەتەر بە تەواوی دادەگیرێ بۆ ئەوەی ئێکسپۆزەری درێژخایەن دەست پێ بکات، بەمەش لەرزینی کامێرا نامێنێت، خۆ ئەگەر ئەم کردارە نەکەیت، دەتوانی دوو گرتە بگری، یەکەمیان بەبێ قفڵدانی ئاوێنەکە، دووەمیان بە قفڵدانی ئاوێنەکە، هەردوو وێنەکە بەراورد بکە، بەڵام گەورەیان بکە، ئەوسا هەست دەکەی جیاوازییان چەندە.

**هەڵەی سێیەم:** بەکار نەهێنانی فیلتەری (ND)ی پلە پلەیی، یان (Graduated Neutral Density) لەبەر ئەوەی نرخەکانیان گرانە.

زۆر دیمەن هەن، بەشی سەرەوەیان جیاوازییان هەیە لەگەڵ بەشی خوارەوە لە ئێکسپۆزەردا بە ٢ تا ٣ ستۆپ لە گرتە ئاساییەکاندا، لەوەیە فۆتۆگرافەر بە پراکتیتینگ و شێوازی (HDR) چارەسەری ئەو جیاوازییە بکات، هەرچەندە زۆر سروشتیش دەرناچێت، بەڵام بۆ وێنەگرتنی شێوازی ئێکسپۆزەری درێژخایەن، زۆر پێویستە (G-ND) بەکاربێنی، هەرچەندە ئەمانەش چەند جۆریان هەیە، هەندێکیان پلاستیکی عادین، هەندێکی تریان کوالێتییان بەرزە و وەک دایس و فیلتەری (کالا) بەسەر لینزی کامێراوە دەبەسترێن، ئەمانە نرخەکانیان گرانترە، تۆ کامێرایەکت بە زیاتر لە هەزار دۆلار کڕیوە، خۆ دەبێ فیلتەرەکەی لە ئاست باشی کامێراکەت بێت، تا وێنەیەکت بە کوالێتییەکی بەرز دەست بکەوێ، ئەم جۆرە فیلتەرانە بە چەندان دێنستی (2X، 4X، 8X) هەن، کەواتە پێویستە چەند دانەیەکی هەمەجۆرت هەبێت، بۆ ئەوەی بە گوێرەی جیاوازی ئێکسپۆزەری نێوان ئاسمان و ڕێسمان، جۆری فیلتەرەکە هەڵبژێری کە چەند (ستۆپ) بێت.

**هەڵەی چوارەم:** دانانی کونی لینزی (f-22) بە مەبەستی کەمکردنەوەی خێرایی شەتەر (داخەر).

ڕاستییەکەی بەپێی تیوری بێ، ئەمە ڕاستە، چەندی کونی لینز بچووکتر بکرێتەوە، ئەوە لە بەرانبەردا دەبێ خێرایی شەتەر کەم بکرێتەوە، بەڵام ئەمە گرفتێک لەبەردەم فۆتۆگرافەر لە ڕووی پراکتیک دروست دەکات، ئەم کونی لینزە بەرزترین نێتی بە دیمەنەکە نابەخشێ، زیاتر کونی لینزی (f-16، f-11) ئەم کونانە زیاتر پراکتیکی و بەرزترین کوالێتی بە وێنەکە دەبەخشن، کەواتە بۆ کەم کردنەوەی خێرایی شەتەر، تەنیا بیر لە بچووک کردنەوەی کونی لینز مەکەوە، بەڵکو هۆکاری تریش هەن وەک (iso) و (فیلتەری ND). بە کەم کردنەوەی ئایزۆ بواری ئەوەت دەدات خێرایی شەتەر کەم بکەیتەوە، هەمان شتیش، ئەگەر فلتەری (ND) بە دێنستی جۆراوجۆر (2X، 4X، 8X) بەڕادەیەکی جیاواز دەتوانی بەڕادەی خێرایی شەتەر زۆری کەم بکەیتەوە، تا ئەو جۆرە شێوازە وێنەیەی دەتەوێت بێ گرفت دەست بکەوێ.

**هەڵەی پێنجەم:** لەبیرچوونی ڕاستکردنەوەی ئایزۆنی کامێرا (Adjusting the iso)

زۆرجار فۆتۆگرافەر بۆ هەندێ بابەتی ئاسایی، ڕێنجێکی کەم بۆ ئایزۆک دیاری دەکات، کامێراکە تا دووچاری نۆیز نەبێتەوە، بۆ نموونە ڕێنجی (100-400)ت داناوەتەوە، کە جیاوازییەکەیان دوو ستۆپە، ئەمەشیان بۆ ئێکسپۆزەری درێژخایەن ناکاتە هیچ و ماوەیەکی کورتت

دەست دەکـەوێ، بۆیە دەبێ دەسـتکاری ئەو سـێـتـینـگە بکرێت و ڕێنجی نێــوان هەردوو ژمـارەی ئایزۆکـە زۆر بێت، بۆ نمونـە بـکرێتـــە (100-6400)، ئـەمــــە لە حـاڵەتێکدا ئەگـەر لینزی کـامێراکـەت زۆر بەهێـز نەبوو، مـاوەیەکی باشت بەدەسـتـەوە دەدات و ئێکسـپـۆزەری درێژخایەنت گرفتی نابێ.

**هەڵەی شەشەم:** بۆ ئەم جۆرە وێنانە دەبێ بەشێـوازێک وێنەکـانت بگری وەک ئەوە وابێ لەناو سـتـۆدیۆ چۆن هەڵسوکەوت دەکەی، هەمان شتیش لە سروشتدا بکەی، واتە زۆر هەسـتـیـارانە و بە ئاگـایی وێنەکـانت بگری، جـاری وا هەیە تۆ سـتـاندت لەسـەر تاشـەبەردێک داناوە بەرانبـەر، یان ڕووبەڕووی ئاوی دەریا، یان زێ! دەبینی شـەپۆلی چاوەڕواننەکراو، ڕووە و کـامـێـراکـەت دێن و پرووشکی ئاو بەر فـیلـتـەری سـەر لینزی کـامـێـراکـەت دەکـەون، بەمــەش وا دەکـەن وێنەکــەت تەڵخ و لێڵ دەرکەون، واتە جـوانیـیـەکـەی لەدەست دەدەن و مـاندوو بوونەکــەت بە فـــیــڕۆ دەچێت، یان جـاری وا هەبووە کـەشـوهەوا سـامـاڵ بووە، کـامـێـرات دامـەزراندووە بۆ مـاوەیەکی درێژخـایەن و گـرتنی کـەناری ڕووبار و ئاو، کـەچی لەناکـاو پەڵەهەور، یان گـەواڵەیەک بەرەو ڕووت هاتوون و بارانی تێ کـردووە، ئەگـەر چەتر و شـتی ترت پێ نەبێ، ئەوە لەم دۆخـەدا توانایی وێنەگـرتن لەدەست دەدەی، یان زۆر بە زەحمەت دەکەوێ.

**هەڵەی حەوتەم:** بەکارهێنانی فیلتەری کوالیتی نزم. زۆر لە فۆتۆگرافەران دەچن فیلتەرێکی هەرزان دەکڕن. چ فیلتەری (ND) بێت، یان (GND) بێت، یان زیاتر لە فیلتەرێکی (ND) دەکڕن بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە یەک جـۆر بکڕن باشـتـرە لەوەی سێ - چوار فـیلـتـەری (ND) وەک (2X، 4X، 8X و ...تاد) بکڕن، چونکە ئەو گـــاپەی دروست دەبێت، دەتوانن بە کــونی لینز و ئایزۆی کامێرا چارەسەری بکەن، پارەی ئەو فیلتەرانە بۆ کـڕینی یەک فـیلـتـەری گـرانبـەها باشـتـرە، تا کـوالیـتـی وێنەکانت باشتر دەرکەون، چونکە ڕاستودروست نییە تۆ کـامێرایەک بە سەدان دۆلار بکڕی و فـیلتەرێکی خراپی هەرزانکڕی بخەیتە سەر و وێنەی پێ بگری، بۆیە هەردەم بیر لەوە بکەرەوە کە ئەو کامێرایەی کە هەزاران دۆلارت پێداوە، دەبێ فیلتەری لە هەمان ئاستی لەسەر ببەستی و لەگەڵیدا بەکاری بهێنی، ئەگینا لە وێنەگرتن بە فیلتەری خراپ و هەرزانکڕ کات بە فیرۆ دەدەی.

**هەڵەی هەشـتـەم:** لەبیـرکـردنی لەبەرچاوکـردنی با و بۆران. لـەبەر ئەوەی تـۆ وێنەی بـابەتێک دەگــــری بە ئێکسـپـۆزەری درێژخـایەن، بۆیە کـەمـتـرین جـووڵە، یان لەرزین کـاریگـەری زۆری بەسـەر وێنەکـەتەوە دەبێت، ئەگەرچی ستاندی بەتین و تۆکمە و پتەویش بەکاربێنی، بەڵام بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەوژمی ڕەشـــەبا، یان بای بەهێـز، لەوەیە کـامـێراکەی سـەری تۆزێک بلەقـێنێ، یان بجـــوڵێنێ، یان بلەرێنێ، بۆیە دوو شت ڕەچاو بکەی باشە:

**یەکـەم:** کــیـســـە لمێک، یان جــۆرکــێـک بە باسکی ناوەڕاستی ستاندەکەت لە خوارەوە ببەستە، واتە پێوەی شۆڕ بکەرەوە تا سـتاندەکە باش بە زەوی چەسپ و قـایم گیر بکات.

**دووەم:** باسکی ناوەڕاست کە سەری ستاندی پێوەیە و کامێرای پێوە قایم کراوە، هەردەم هەوڵ دە زۆر لە ئاستی سەرەوەی ستاندەکە بەرزتری نەکەیتەوە، چونکە چەندی بەرزتر بکرێتـەوە، ئەگـەری لەرزینی کـامـێـرا زیاتر ڕوو دەدات، بەمەش وێنەکانت باش دەرناچن و جوانییەکانیان لە دەست دەدەن.

**هەڵەی نۆیەم:** دانەپۆشین، ڤـیـوفـایندەر (دیارکـەری دیمەن). لەبەر ئەوەی تۆ وێنەی ئێکسپۆزەری درێژخایەن دەگـری، بۆیە لە کـامـێـراکـانی (DSLR) جگە لەوەی تیـشـکی ڕووناکی سـەرەکی لەمـیـانی لینزی کـامـێـراکـە دەچێـتــە ژوورەوە و بـەر سـێنسـۆری دەکـەوێ، بەڵام لە هەمـان کـاتدا لە ڤـیوەری کـامێراکـەش وەک یەک فـایەر هەندێ، یان بڕە ڕووناکییـەکی کەم دەچێتە ناو کامێراکە ئەگەر دانەپۆشرێ، بەمەش بەر سێنسۆری کامێرا دەکەوێ و لە ئاکامدا هەندێ هالەی وەک پەڵە ڕووناکی مۆر لەناو وێنەکـە پەیدا دەبێت، یان دروست دەبێت بەهۆی ئەو بڕە ڕووناکییەوە، بۆیە بە پێویست دەزانرێ ڤیوەری کامێراکە بەشـتـێکی ڕەش داپـۆشرێ، هەندێ جار بە قـایشی بە ملەوەکـردنی کـامـێـراکـە، بەشـێکی دەخـەیتـە سـەر بەشی ڤـیـوەری (دیارکـەری دیمەنی) کـامـێـراکـە بۆ ڕێگرتن لە چوونە ژوورەوەی ئەو بڕە ڕووناکییـە، خۆ ئەگـەر کامێرای بێ (ئاوێنەی ڕفلێکس)ت بەکـارهێنا، واتە کـامـێـرای

(Mirrorless) ئەوە بۆ ئەم جۆرانە پێویست بە داپۆشینی ڤیوەرەکە (دیارکەری دیمەن)ـەکە ناکات. شتێکی تریش کاردانەوەی نەرێنی هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر فیلتەری سلایدت بەکارهێنا، واتە دوو فیلتەرت خستە ناو هۆڵدەرێکەوە، دواتر بەسەر لینزی کامێراکەوە بەستت، لەم حاڵەتەدا دەبێ پارچە شتێکی ڕەش بەسەر ئەو گاپەی ببەستی کە لەنێوان ئەو دوو فیلتەرەدا هەیە، دەنا هەمان شت هەندێ پەڵەی مۆر لەسەر وێنەکە دەردەچن، بۆیە زۆر لە فۆتۆگرافەران لە بری ئەم جۆرە فیلتەرە (ND)یانە، ئەوە فیلتەری بازنەیی وەک ڕینگ بەسەر لینزی کامێراوە دەبەستن کە بواری هیچ ڕووناکییەک نادەن لەمیانیان بێتە ژوورەوەی کامێراکەوە.

**هەڵەی دەیەم:** کاتێک کە فۆتۆگرافەر فیلتەری (ND)ی بە دێنستی جیاواز (2X، 4X، 8X ...تاد) دەکڕێت، وا دەزانێ ڕێک ئەوەندە ستۆپە دەبێ ئێکسپۆزەر کەم بکەیتەوە، بۆ نموونە: فیلتەری (ND)ی (4X) وادەزانی دەبێ (٢) ستۆپ ئێکسپۆزەر کەم بکەیتەوە، ڕاستییەکەی هەندێ لەم فیلتەرانە وانین، تۆزێک هەڵەی تێدا ڕوودەدات، واتە بڕە ڕووناکی کەمتر لە پێویست لەوەی کە لەسەر فیلتەرەکە نووسراوە، کەم دەکاتەوە، جا بۆ ئەوەی دووچاری هەڵەی ئێکسپۆزەر نەبیتەوە، پێویستە، یان بە باش دەزانێ، بەر لە بەکارهێنانی هەر فیلتەرێکی (ND) تۆ تاقی کردنەوەی پراکتیکی لەسەر بکەی. بەم شێوازە و هەنگاوانەی خوارەوە بۆ دڵنیا بوونەوەت لە گلدانەوەی بڕی ڕووناکی:

١- ژوورێک لە ماڵەکەتان دیاری بکە و سەرچاوەیەکی ڕووناکی بەردەوام و نەگۆڕی تێدا دابنێ بۆ بەکارهێنان، لە هەمان کاتدا پەنجەرەکەی بە تەواوی دابخە و دایپۆشە با تاریک بێت.

٢- کامێراکەت لەسەر سێ پا (ستاند) چەسپ بکە، وێنەی ژوورەکە بگرە و تەماشای هیستۆگرامی کامێراکەت بکە (دوایی کە سێ گۆشەی ئێکسپۆزەرت بە تەواوی ڕێک خستووە، واتە خێرایی شەتەر و کونی لینز و ئایزۆ ISO)، بەڵام دەبێ هیستۆگرامی کامێراکەت باش بێت.

٣- ئەم جارە فیلتەری (ND)یەکەت بەسەر لینزی کامێراکەتەوە ببەستە و یاری بە خێراییەکانی شەتەر بکە، واتە خێراییەکانی دابەزێنە و بزانە چەند ستۆپە، بە پراکتیک بۆت دەردەکەوێ بڕی ڕووناکی کەم بووەوە چەندە بەو کۆمپانسێشنە (واتە یاری کردنە بە خێراییەکانی داخەر، یان شەتەر) تا هەمان هیستۆگرامت دەست دەکەوێ.

٤- جێبەجێ کردنی هەنگاوی (٣)، ئەوە ئەم جارە وێنەی ژوورەکە بگرەو لەوکاتەی فیلتەری (ND)ی بەسەر کامێراکەتەوەیە.

٥- بۆ وێنە تازەکە تەماشای هیستۆگرامی کامێراکەت بکە، لەگەڵ هیستۆگرامی پێشوو بەراوردی بکە، ئەگەر تا ڕادەیەک وەک یەک بوون، ئەوە ئەو ژمارەی سەر فیلتەرەکە کە کۆمپانیای دروستکەری فیلتەرەکەیە بە ڕاستودروستی داینــاوە و هەمان بڕی ڕووناکی کەم دەکاتەوە و ئەوەندە ستۆپە ئێکسپۆزەر کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر هیستۆگرامەکە تۆزێک خزیبە لای چەپ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەوا دێنستی فیلتەرەکە زیاترە لەوەی کە لەسەر فیلتەرەکە نووسراوە و بڕی ڕووناکی زیاتر گل دەداتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەگەر هیستۆگرامەکە خزیبە لای ڕاست، مانای ئەوەیە دێنستی فیلتەرەکە سووکەڵەیە و بڕی ڕووناکی کەمتر لە پێویست گل دەداتەوە، کەواتە ڕووناکی زیاتر دەچێتە ژوورەوە، واتە (f-stop)ـەکە کەمتر دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر نووسرابوو (4X)، دەبێ تۆ (3X)، یان (2.5X) بەکاربێنی، بەڵام لە حاڵەتی پێشووتر لەجیاتی (4X)، ئەو دەبێ (5X)، یان (5.5X) زیاتر بەکاربێنی.